# نەوەیەکی مەیئووس ئایندەی پێ بونیادنانرێت

مەرج نییە حکومەت دەرگای تەعینات بەلێشاو بکاتەوە، بەڵام مەرجە حکومەتێک ساڵانە هەلی کاری نوێ و زەمانەتی کار بدۆزێتەوە، بۆ لەشکری بێکاران بەتایبەت لەناو دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستاندا

بازاڕی کار لەبەردەم دەرامەتێکی مرۆیی گەورەی پڕ بەها داخراوە



لەهەرێمێکـــدا ٩٩٠٠ کۆمپانیـــا بوونیان هەبێت و، بودجەی گشتی لە ١١ ترلیۆن و ٤٣٣ ملیار دینار پێکهاتبێت، کە ٣ ترلیۆن و ٥٤٣ ملیـــۆن دینـــاری بـــۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنـــان تەرخان کرابێت، ســـەرمایەی هەڵسوڕاویش بە ٨٠ ملیار دۆلار لەهەرسێ پارێزگاکەی کوردســـتان مەزەندە بکرێت، کەچی هێشتا ژمارەیەکی زۆری دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان بێکارن !، ئەمە لەکاتێکدا نیوملیۆن گەنجیش روویان لەهەندەران کردووە، تۆ بزانە لەساڵی ٢٠٠٤ەوە تەنیا لەسنووری پارێزگای هەولێر زیاتر لە ٣ تریلیۆن دینـــار واتەنزیکەی ٣ ملیار دۆلارخەرجکراوە، بـــۆ ئەنجامدانی ٣٥٧٦ پـــرۆژەی جۆراوجۆر، کەچـــی ئەم هەموو پرۆژەیە وایان نەکردووە رێژەی بێکاران لەناو دەرچووانی زانکۆ کەم بێتەوەو هەلی کاری نوێ بۆ دەرچووان زامن بکرێت، بابزانین لەم وڵاتەی خۆمانـــدا قوتابی یاخود خوێندکار یاهەرناوێك لەو ناوانـــەی کەرۆژانە بۆیان دەدۆزرێتـــەوە بۆچی دەخوێنـــن و بڕوانامە لەپێناوچی بەدەست دەهێنن؟ یا فەلسەفەی کردنەوەی ئـــەو هەمـــوو زانکۆیە چییە؟ لەکاتێکدا لەبازاڕەکانی کوردســـتان کەس بەرهەمی ئەم زانکۆیانـــەی ناوێت، ناچار دەرچووانی زانکـــۆکان لەحکومەت کەڵەکە دەکرێن و سوودێکی ئەوتۆیان لێوەرناگیرێت، تاچەند دەرچووانی زانکۆکانی کوردســـتان ئامادەکراون بـــۆ بـــازاڕی کار؟، تۆبڵێی ئابووری کوردســـتان لەچوار ساڵدا توانای دابینکردنی هەلی کاری بۆ ٧٦٤٤٦ قوتابی زانکۆکان و پەیمانگا حکومییەکان و چەند هەزار قوتابییەکی تری زانکۆ ئەهلییەکانی نەبێـــت؟، کەتێکـــڕا ژمـــارەی قوتابیانی کۆلێـــژو پەیمانگاکانـــی کوردســـتان پێك دەهێنن(جگە لەژمارەی قوتابیانی زانکۆو کۆلێژە ئەهلییـــەکان کەنزیکەی ١٠ زانکۆو کۆلێژ دەبێت)، باشە ئەی وەکو وڵاتی چین بووینایە ساڵانە ٦ ملیۆن دەرچووی زانکۆو پەیمانـــگاکان هەیەو زۆربەشـــیان کاریان لەڕێـــگای ئەنتەرنێتەوە دەســـت دەکەوێت، بەپێچەوانەوە ئەنتەرنێتەکەی کوردستان هەلی کارو فرسەتی ئیشکردنی تێدا نییە؟ !نەبوونی هەلـــی کارو بەگەڕنەخســـتنی ئەو ژمارە زۆرەی دەرچووانی زانکۆ کەبەهێزترین و پڕ بەهاترین هێزی کار دادەنرێت، دوورکەوتنەوەیە لەبەدیهاتنی یەکســـانیء دادپـــەروەری و ناســـەقامگیری بۆ کۆمەڵگای کوردستان دەهێنێت، چونکە دادپەروەری کۆمەڵایەتی زامنی پاراســـتنی مافەکانـــی مرۆڤء ئازادیء یەکســـانیء پەرەپێدانی مرۆییە، بەگەڕخســـتنی دەرچووانیش ســـەرەتای ڕێگایە بۆ بەدیهاتنی ئەو هەموو ئامانج و ویستانە، کەبۆ بنیاتنانی چینی ناوەراست و پەرەپێدانی ئابووری لەهەرێمەکەدا گرنگە.

زانکۆکانـــی کوردســـتان لەبـــری ئەوەی پایەیەك بن بـــۆ پاڵپشـــتی و بەهێزبوونی ئابووری کوردســـتان، بوونەتە قورساییەك بەسەر بودجەی گشـــتی یەوە؟ لەکاتێکدا زانکـــۆکان دەبووایـــە دامەزراوەیەك بوونایە بۆ بەرهەمهێنـــان و بزوێنـــەری ئابووری نیشـــتمانی لەهەرێمی کوردستان، کەچی کادیرە تەکنیکییەکان و دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان بێکارن، دەکرا چینی ناوەراست بەم کادیرانە دابمەزرێنرێت و بەهێز بکرێت، بەبێ بوونـــی ئەم چینە ئابـــووری بازاڕو بەرزبوونـــەوەی داهاتـــی تاکەکەســـی و خۆشگوزەرانی و دادپەروەری دانامەزرێت، لەم روانگەیەوە گەر حکومەت پێویســـتی بەکادیری تەکنیکی نەبێت، واتە پێویســـتی بەکادیری چینی ناوەراست نییە، لەکاتێکدا خۆی چینی ناوەراســـت زۆر نی یە تاوەکو رێـــژەی بێکاری لەم چینـــەی ناوکۆمەڵ ئەوەندە بەرز بێت. دەســـەڵاتی یاســـا تەنها لەسیســـتەمی دیموکراتییەتدا بەهێز دەبێت، دیموکراتییەتیش بەبێ چەســـپاندی یاساو فراوانکردنی پێگەی چینی ناوەراست پەیڕەو ناکرێت، کەواتە لەکۆتاییـــدا دەگەڕێینەوە بۆسەر سوود وەرگرتن لەهێزوو بازووی گەنج بەتایبەتی دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان. ئەم واقیعەی بەگەڕنەخستنی دەرچووان و نەبوونـــی هەلی کار بـــێ پلانییە هەروەکو چۆن هەفتەی رابردوو لەراپۆرتێکدا باسی ئەوەمان کرد ( کێ بەرپرســـیارە لەنەبوونی پلانی ئابـــووری؟ ). هەرواش حەقە دەوڵەت وەڵامی ئەو پرســـیارەمان بداتەوە(بەرنامەو پلان بۆ هەلی کاری نوێ و دۆزینەوەی کار بۆ سەدان دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردســـتان چی یـــە؟) نەبوونـــی کار بۆ دەرچووانی زانکۆ یەکێکە لەکێشەو گرفتە ســـەرەکییەکانی بـــەردەم رەوشـــی گەنج لەکوردستان. ئەم راپۆرتە باس لەو راستییە دەکات دەرچووانی زانکۆکانی کوردســـتان مافیان هەیە، ناکرێـــت جیلێك لەگەرمەی توانا فیکری و مەعریفی و جستەییەکانیدا بێت، لەبری ئەوەی ســـوودی بۆ کۆمەڵگاو نەتـــەوەو خێزان و خۆشـــی هەبێت، کەچی مەیئـــووس بکرێـــن . نائومێدکردنـــی ئەم دەرامەتە مرۆییـــە خزمەت بەکێ دەکات و لەبەرژەوەندی کێدایـــە؟ دۆزینەوەی هەلی کارو ئیشـــکردن لەمافە ســـەرەکییەکانی دەرچووانـــی زانکـــۆو پەیمانـــگاکان و ســـەرجەم لاوانی تری کوردســـتانن، مەرج نییە حکومەت دەرگای تەعینات بەلێشـــاو بکاتەوە، بەڵام مەرجە حکومەتێك ســـاڵانە هەلی کاری نوێ و زەمانەتی کار بدۆزێتەوە، بۆ لەشکری بێکاران بەتایبەت لەناو



**لەهەرێمێکدا ٩٩٠٠ کۆمپانیا بوونیان هەبێت و سەرمایەی هەڵسوڕاویش بە ٨٠ ملیار دۆلار لەهەرسێ پارێزگاکەی کوردستان مەزەندە بکرێت، کەچی هێشتا ژمارەیەکی زۆری دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان بێکارن!**

**گەر حکومەت پێویستی بەکادیری تەکنیکی نەبێت واتە پێویستی بەکادیری چینی ناوەراست نییە**

دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستاندا. ڕۆژانە دەیان دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکان و پەیمانگا تەکنیکییەکان دەبینین کاری شوفێری تەکسی دەکەن یاخود دوور لەپیشەکەی خۆیان کار دەکەن. نەبوونی دەرفەتی کار سەرەتایەکە بۆ بێمافی و بێ ئومێدی و لادان و ڕیش بەردانەوەو ڕووکردنە گروپ و تاقمەکانی تیرۆرستی و لەخشتەبردنی لاوان.

توبڵێی پەیوەندییەکان ئەوەندە لاوازبن لەنێوان زانکۆکان و وەزارەتەکانی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەلایەك و هەریەك لەوەزارەتەکانی پلاندانان و دارایی و بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵ..هتدا لەلایەکی تر، بەرادەیەك پەیوەندییەکان لەو ئاستەدا نەبێت، تەنانەت بۆ ئاییندەیەکی نزیك بەرچاو ڕوونیمان نەبێت و نەزانین چەند شارەزاو پسپۆرمان بۆ ژیانی پراکتیکی پێویستە. لەهەموو وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان ساڵانە دیراسەیەك هەیە بۆ دیاریکردنی پەیوەندی نێوان (دەرچووانی زانکۆو پەیمانگاکان و بازاڕی کار)؟. ئەمەشە وایکردووە نادادپەروەرییە لەنێوان دەرچووانی ئەم زانکۆ یاخود کۆلێژ لەگەڵ زانکۆو کۆلێژێکی تردا بکەوێتەوە، بەرادەیەك نادادپەروەرییەکە لەنێوان دەرچووانی زانکۆو کۆلێژەکان لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕدرێت، هەیە بڕوانامەکەی لەسەر دیوارەکە هەڵواسیوەو چاوەڕێی هەلێکی کارو دامەزراندن دەکات یاخود لەبوارێکی دوور لەپسپۆرایەتی و شارەزاییەوە کار دەکات، ژمارەیەکی تر درێژە بەخوێندن دەدەن تاوەکو بەبڕوانامەیەکی بەرزتر فرسەت و کارێکی باشتریان دەستکەوێت، ژمارەیەکی تریش ڕوویان لەهەندەران کردووە، بەمجۆرە بازاڕی کار لەبەردەم دەرامەتێکی مرۆیی گەورەی پڕ بەها داخراوە..

## بازاڕی کار لەبەردەم دەرامەتێکی مرۆیی گەورەی پڕ بەها داخراوە..

دوای١٦ ساڵ خۆ فێرکردن و ماندووبوون بەرپرسێکی حکومەت دەڵێت: ((تەعینات نییەو حکومەت تووشی هەڵاوسانی فەرمانبەران بووە..))، بێ ئەوەی بەرنامەو بەدیلی حکومەت باس بکات، بۆ ئەم هەموو دەرچووەی زانکۆو پەیمانگاکان و خاوەن بڕوانامەی دیبلۆم و بەکالۆریۆس لەو تەمەنە پڕ لەتوانا مەعریفی و جەستەییەدا چی بکەن! زۆرجار هەڕەشە لەماف و ئازادییەکانی لاوان دەکرێت و وایان لێدەکات بێ ئومێدو بێ سەرمایە بڕواننە ئاییندەی نادیاری خۆیان، وابزانم هەموو ئەو ڕاستییە دەزانن نەبوونی کارو هەلی ئیشکردنی گونجاو لەپشت کۆچی لاوانەوە بووە بەرەو هەندەران و لەوێ ناچاربن لەژێر ڕەحمەت و فشاری ڕۆژئاوا بمێننەوەو بەهاوڵاتی پلە دووش حسابیان بۆنەکرێت، لەکاتێکدا تەمەنی لاوێتییان لەبرینی خزمەتگوزاریی و نەبوونی مافی کارکردن و خوێندەواری و مانەوەیان لەکەمپ و چاوەڕوانێتی مافی پەنابەرێتی بەرێ بکەن، ئەی ئەوە نییە ئێستاکەش سەرەڕای نەمانی شەڕو گەمارۆی ئابووری ژمارەیەکی زۆری دەرچووانی زانکۆ زیاتر لەپێنج ساڵە بێکارن، لەکاتێکدا تاکە ئومێدی گەنجێکی ٢٢ ساڵی دەرچووی زانکۆ دۆزینەوەی ئەرزییەتێکە کارێکی تێدا زامن بکات، کارێك بەواتای کاربێت و کەرامەتی تێیدا پارێزراو بێت، ئەم ئیهانەکردنەی دەرچووانی زانکۆکان ئاساییە لەلای ئەو جۆرە بەرپرسانە، چونکە کاتێك جەنابی ژیانی لەهەندەران بردۆتە سەر هاوڵاتی وڵاتە نەبووەو فێری ئەوە نەبووە وەکو هاوڵاتییەك مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و، لەئەوروپاو وڵاتانی تری پێشکەوتوو ئیش و کاری ڕەشی کردووە، لەوێ تەنیا خەڵکی خاوەن بڕوانامەی بیانی بێکارن، خاوەن بڕوانامەکانی خوێندنی باڵا (خوێندنی بنەڕەتی و باڵا) بناغەو کۆڵەکەی دیموکراتییەتن . بابزانین لەم وڵاتەی خۆماندا قوتابی یاخود خوێندکار بۆچی دەخوێنێت و بڕوانامە بۆچی بەدەست دەهێنێت؟ فەلسەفەی دامەزرانی ئەو هەموو

ئیهانەکردنەی دەرچووانی زانکۆکان ئاساییە لەلای ئەو جۆرە بەرپرسانە، چونکە کاتێک جەنابی ژیانی لەهەندەران بردۆتە سەر هاوڵاتی ئەم وڵاتە نەبووەو فێری ئەوە نەبووە وەکو هاوڵاتییەک مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیبوون بکات

غاندی بۆ ئەوەی هێزی داگیرکەری ئینگلیز لەوڵاتەکەی دەربکات بەرهەمی بەریتانیای ڕاگرت، باشە کاتێک بەرهەمی زانکۆکان کەس پێویستی پێ نەبێت چی ڕوو دەدات؟



زانکۆیە چییە؟ گەر ئامانج لەخوێندنی زانکۆ ئامادەکردنی تاکەکان بێت لەرووی مەعریفی و زانستییەوە تاوەکو خزمەت بە نەتەوەو وڵاتەکەیان بکەن، واتە خوێندن لەپێناو کۆمەڵگا بێت، گەر هەل و کارێك نەبێت چۆن پسپۆرایەتی و شارەزایی بۆ خزمەتی وڵاتەکەی و ئایندەی میللەتەکەی بەکاربهێنێت. کاتێك خەڵکی دانامەزرێت ئەلتەرناتیف چی یە؟ کار بۆ دەرچووانی زانکۆ نییە ئەی بۆچی زانکۆکان و پەیمانگاکانی کوردستان ١٠ ساڵ داناخەن!! پێشتر حکومەت پلانی هەبووە لەم رووەوە ئەویش پێشخستنی خوێندنی پیشەیی بووەو ئاراستەکردنی ژمارەیەکی زۆری قوتابیان بووە بەرەو فێربوونی پیشەو کاری هونەری و تەکنیکی، بەمەش پرۆسەی خوێندنیان گونجاندووە لەگەڵ بازاڕی کار، بۆنموونە لەوڵاتانی پێشکەوتوو خاوەن کارگەیەك پێویستی بەکەسێکی ئەکادیمی نییە بەقەد ئەوەی پێویستی بەکەسێکی پیشەییە کەخولی مەشق و ڕاهێنانی لەبوارێکی دیاریکراودا تەواو کردبێت، جوتیارێك یەکساڵ وشکەساڵی تووش بێت و زیانی لێبکەوێت جارێکی تر ناچێتەوە بەلای بەرهەمەکەیەوە، ئەی کاتێك خوێندکارێك ١٦ ساڵ بەرهەمەکەی هیچ نەبێت و کارێکی دەست نەکەوێت؟ مرۆڤ لە ٢٢ بۆ ٢٧ ساڵ جوانترین تەمەنی ئیشکردنێتی لەو پێنج ساڵەدا گەنج دەیان ئومێدو خواستی هەیە بەلەناوبردنی ئەو هەموو ئاوات و خەونە خزمەتی کێ دەکەین ؟ غاندی بۆ ئەوەی هێزی داگیرکەری ئینگلیز لەوڵاتەکەی دەربکات بەرهەمی بەریتانیای ڕاگرت، باشە کاتێك بەرهەمی زانکۆکان کەس پێویستی پێ نەبێت چی ڕوو دەدات؟ پار دکتۆر دانەمەزرا ئێستاکە نەخۆشخانەی تەق تەق تەواو بووەو دکتۆری نییە. نەخۆشخانەی دێکەڵە دکتۆرەکانی لەکاتژمێر ١٢ دەڕۆنەوە، چەندین ئەندازیار هەیە بێکارە زۆربەی کادیری تەکنیکی بێکارن، لەکاتێکدا ئەم کادیرانە بەچینی ناوەراست ناودەبرێن، گەر حکومەت پێویستی بەکادیری تەکنیکی نەبێت واتە پێویستی بەکادیری چینی ناوەراست نییە، کاری لەناو دەرچوانی زانکۆ زیاد بێت لەکاتێکدا خۆی چینی ناوەراست زۆر نی یە تاوەکو ڕێژەی بەرز بێت، ئەمە بێ پلانییە هەروەکو چۆن هەفتەی ڕابردوو لەراپۆرتێکدا باسی ئەوەمان کرد ( کێ بەرپرسیارە لەنەبوونی پلانی ئابووری؟) کاتێك ئاماژە بەفەرمانبەرانی زیادە دەکرێت یاخود هەڵاوسانی فەرمانبەران دەوروژێنرێت کەموکورتییەکە لەفەرمانبەران نی یە یاخود گوناحی دەرچووانی زانکۆکان نی یە ! ئەوە بێ پلانی وەزارەتەکان و نەبوونی ستراتیژییەتی حکومەتە. دووبارەی دەکەینەوە لەگەڵ ئەوەدا نیین هەموو دەرچوویەکی زانکۆ دامەزرێت، تەعین بوون و دۆزینەوەی کار لەم هەرێمەدا دوو شتی جیاوازن، یەکەمین بۆ بێکاری ڕووپۆشراوە لەحکومەت کەناتوانرێت چی تر سوود لەو هەموو شارەزایی و پسپۆرییە وەرگیرێت دووەمیان دۆزینەوەی کارێکە کەبە ڕاستی واتاو مەفهوومی کارەو پێویستی بەکارمەندو شارەزاییەکە بۆ هەڵسوڕاندنی، ڕاپۆرتەکە ئەو ڕاستییە دەوروژێنێت کە پێویستە حکومەت ساڵانە کاری نوێ بۆ دەرچووانی زانکۆ بدۆزێتەوە، ناکرێت نەوەیەك لەشارەزایان و پسپۆڕانی زانکۆو پەیمانگاکان پشتگوێ بخرێت، باشە دەرچووانی دواناوەندییە پیشەییەکان و دواناوەندی هونەرەجوانەکان و بازرگانی نەوەیەکی مەیئووس و بێ ئومێد بنیاتنانێن. حکومەت بەناوی بازاڕی ئازادەوە بەدەیان دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان دەڵێت: ئەوە بازاڕو کەرتی تایبەت فەرموو بەدوای کار بگەڕێ... کام بازاڕە ئەو بازاڕەی بێناسە نەکراوەو هیچ فەلسەفەو سیاسەتێك نییە بۆ بەرێوەبردنی ئابووری یاخود دامەزراندن لەو کۆمپانیا بچووکانەی کەبەکۆمپانیای خێزان نەبێت هیچ واتاو مانایەکی تر هەڵناگرێت و پابەندی یاساکانی کار نین، لە کەرتی تایبەت هەندێك کچی جوان دەیان کاری دەست دەکەوێت، کەچی کورێکی گەنج کەس ئامادە نییە دایمەزرێنێت، دەڵێن ئێستاکە خەڵکی لەجیهانی پێشکەوتوودا بەئینتەرنێت بەدوای کاردا دەگەڕێن وەرن فێری ئینتەرنێتمان بکەن بزانن چی کارێکی لەم هەرێمە تێدایە. باس لەکۆمەڵگای پێشکەوتوو دەکرێت، بەڵام پێمان ناڵێن ڕۆژئاواو گەلانی پێشکەوتوو چۆن مامەڵە لەگەڵ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگا و دواناوەندییە پیشەییەکان دەکەن، لەوێ دامەزراوەکان و کۆمپانیاکان پابەندی دەسەڵاتی قەزائی و پەرلەمانن و ئیمتیازات لەکەرتی تایبەت زیاترە .

**لەکاتێکدا سەرمایەدارو بیزنسمانی ئەم وڵاتە لەسەروو یاساوەن**

لەهەرێمێکدا بودجەکەی ١١ ترلیۆن و ٤٣٣ملیار دینار پێکهاتبێت کە ٣ ترلیۆن و ٥٤٣ ملیۆن دیناری بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان تەرخان کراوە، سەرمایەی هەڵسوڕاو کەرتی تایبەتیش خۆی لە٨٠ ملیار دۆلار بدات کەچی دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان بێکارن ؟ ئەمەش بۆهۆکاری لاوازی کەرتی تایبەت و بێسەرووبەری ئەو کەرتە دەگەڕێتەوە کە لەلایەك کەرتێکی بەرهەمهێن نییەو ڕوویان لەبازرگانی کردووەو پیشەسازی و کشتوکاڵیان پشتگوێخستووە، لەلایەکی تر زەمانەتی کارکردن لەم کەرتەدا نییە، چونکە خۆیان لەیاسا گەورەتر دادەنێن و حکومەت توانای لێپرسینەوەی سەرمایەدارەکەی نییە بەتایبەتی کاتێك مافی کارمەندەکە دەخورێت، نەبوونی زەمانەت و خراپی مامەڵەکردنی سەرمایەداری کورد لەگەڵ کارمەندەکانی ژینگەیەکی نائارامی لێکەوتۆتەوە بەرادەیەك نزیکەی لە٩٠٪ی قوتابیانی دەرچووانی زانکۆ حەزدەکەن لەکەرتی حکومی کاربکەن و تەنیا ژمارەیەکی کەمی دەرچووان خوازیاری کارکردنن لەکەرتی تایبەت.

کاتی ئەوەهاتووە حکومەت پاڵەپەستۆو فشار بخاتەسەر کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بۆئەوەی بەسیستەمێکی ڕێکوپێك و بەیاسا دامەزرانی دەرچووانی زانکۆو کرێکاران ڕێك بخرێت، نابێت سەرمایەدارو بیزنسمانێکی کەرتی تایبەت لەیاسا گەورەتر بێت و بەئارەزووی خۆی کۆنترۆڵی بازاڕو ئابووری و دامەزرانی دەرچووانی زانکۆ بکات، کاتێك مووچەی بەردەوام و حسابکردنی خزمەت و مۆڵەتی دایکایەتی و مووچەی خانەنشینی و ئیفادو دەیان ئیمتیازی تر لەکەرتی حکومی هەبێت و لەکەرتی تایبەت بوونی نەبێت کەواتە بۆچی دەرچووانی زانکۆ ڕوونەکەنە کەرتی حکومی، ئەمە لەکاتێکدا بەپێی یاسا هەموو ئەو ئیمتیازاتانەی لەکەرتی حکومی هەیە لە کەرتی تایبەتیش هەیە کەبەپێی یاسای کار ڕێکخراوە، بەڵام دەبێت خاوەن کار زەمانەتی کۆمەڵایەتی بۆ کارمەندو کرێکارو فەرمانبەرەکەی بکات واتە خاوەن کار ئیجبار نەکراوە بەڵکو بەپێی ڕێکەوتنێکی نێوان کارمەندەکەو خاوەن کارە، ئالێرەدا سەرمایەدارو خاوەن کاری کەرتی

**لەوڵاتانی پێشکەوتوو خاوەن کارگەیەك پێویستی بەکەسێکی ئەکادیمی نییە، بەقەد ئەوەی پێویستی بەکەسێکی پیشەییە کەخولی مەشق و ڕاهێنانی لەبوارێکی دیاریکراودا تەواو کردبێت**

**جوتیارێک یەکساڵ وشکەساڵی تووش بێت و زیانی لێبکەوێت جارێکی تر ناچێتەوە بەلای بەرهەمەکەیەوە ئەی کاتێک خوێندکارێک ١٦ ساڵ بەرهەمەکەی لە بازاڕدا خواستی لەسەر نەبێت و کارێکی دەست نەکەوێت؟**

تایبەت خۆی دەدزێتەوە لەم ئیلتیزامە، هەر بۆیە بەرپرسانی وەزارەتی کاریش دان بەو راستییە دەنێن کە یاساکە لەکەرتی تایبەت و دامودەزگا ئەهلییەکان جێبەجێ نەکراوە، بەمشێوەیە کەرتی تایبەت دوور لەیاساو رێنمایی کاردەکەن، ئەگەر جاربەجارێکیش بکەونە ژێر رکێفی یاسایەکەوە ئەوا ئەو یاسایە لاوازو پڕ لەکەموکورتییە، هیکڵ دەڵێت: لەو یاسایە بێ بەهاتر نییە کە کەرامەتی مرۆڤ پێشێل دەکات، لەکەرتی تایبەتیش دەرچووانی زانکۆ خاوەنی کەمترین ئیمتیازن. بڕوابوون یەکەرتی حکومەت تەنیا سەرابێکە گەنجە دەرچووەکانی زانکۆ بەناچاری و لە بێ بەدیلییەوە تووشی هاتووە، ئەگینا ئەم کەرتەش تواناکانی گەنج لەناودەبات و خاوەنی دامەزراوەیەکی پێشکەوتوو مودێرن نین و نەتوانراوە دامودەزگاو بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکومی ببرێنە قۆناغی بەدامەزراویکردنەوە، ئەومووچەیەی لەم کەرتەشدا هەیە رێز بۆ کارو داهاتی تاکەکەسی بەرادەیەك بەرزناکاتەوە کە ئەفرادەکان بگوێزرێنەوە بۆ چینی ناوەراست، بۆیە تاکەکان لەیەك کاتدا بەدوای دوو سێ کاری تریش لەدوای دەوام دەگەڕێت. کاتی ئەوە هاتووە ئابووری بەدامەزراویکردن بکەین، نەك وەکو ئێستا دامەزراوەکانی حکومی و کەرتی تایبەت کەوتۆتە ژێرکۆنترۆڵی تاکەکەسەوە، لێپرسراوو بەرپرسی دەزگایەکی ئەهلی و حکومی کۆنترۆڵی بەناودامەزراوەکانی کردووەو لەیاسا گەورەترە، ئەمەی لەم هەرێمە بەناوی کەرتی تایبەتەوە یاخوود بەناوی دامەزراوەبوونی ئابووری روودەدات لەدیوەخان زیاتر هیچی تر نییە.

## دەرچوویەکی زانکۆ دوای ١٦ ساڵ خوێندن دانەمەزرێت چی بکات؟

بەپێی هەموو ئامارو زانیارییەکان رێژەی بێکاری لەهەرێمی کوردستان روو لە زیادبوون دەکات، گەرچی جاربەجارێك بەراوردێك لەنێوان ناوچەکانی ناوەراست و خوارووی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکرێت و داتاو ژمارەکان دڵخۆشکەرە، بەڵام نەبوونی پلانێك بۆ دۆزینەوەی هەلی کاری نوێ و ئیشپێکردن بۆ دەرچووانی زانکۆ ئەگەری ئەوەی دروست کردووە ئەم رێژەیە روو لە زیادبوون بکات و بچێتە سەروو ٦٪، ئەمەش دوای ئەوەی کەرتی حکومی تووشی هەڵاوسانی فەرمانبەران بووەو حکومەتیش چی تر لەتوانایدا نییە دەرچووەکانی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان دامەزرێنێت و بە رەسمیش رایگەیاندووە کەدامەزراندن لەحکومەت راگیراوە، دەرچووانی زانکۆ حکومییەکان کاریان دەست ناکەوێت و زانکۆ ئەهلییەکانیشی هاتۆتە سەر، لەبەرنامەی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دایە ٤ پەیمانگاو ٥ کۆلێژو چەندین بەشی نوێ بکاتەوە، بەمشێوەیە تادیت ژمارەی دەرچووانی زانکۆ زیاد دەکات و بەرنامەو پلانێکیش نییە بۆ دۆزینەوەی هەلی کاری نوێ و بەگەڕخستنی دەرچووەکانی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان .

دانانی گەنجێکی دەرچووی زانکۆ کراوە بەمەکرەمەو بێی دەفرۆشنەوە، کەرامەتی خریجێکی زانکۆ کێ دەیپارێزێت لەکاتێکدا سەرمایەدارو بیزنسمانی ئەم وڵاتە لەسەروو یاساوەن و لەحکومەتیش پێیان دەڵێن دامەزراندن راگیراوە ..، باشە گەر حکومەت نەتوانێت هەلی کاری نوێ و ئیشکردن بدۆزێتەوە بۆچی کارکردن لەهەندەران لەرێگای نووسینگەکانی کارەوە رێك ناخات و بگرە داوا لەو وڵاتانە ناکات کە کوردێکی زۆری تێدایە و مافی بەناهەندەییان بدرێتێ تاوەکو لەسەر کارەکانیان بەردەوام بن، مەهاتیر محەمەد سەرۆکی مالیزیا لەچەندین بۆنەدا ئەوەی رتکردۆتەوە کەحکومەتەکەی ئامادە بێت کرێکارانی وڵاتەکەی لەوڵاتانی بیانی وەربگرێتەوە، بگرە هانی رێکخستن و پەیداکردنی هەلی کارە لەهەندەران، چونکە لەلایەك وڵاتەکەی لەتوانایدا نییە فرسەت و کاری نوێ بۆئەو هەموو هاوڵاتییانە بدۆزێتەوە لەلایەکی ترەوە ئەم سەرۆکە شارەزاو بەتوانایەی مالیزیا ئەو راستییە دەزانێت کەکرێکارانی وڵاتەکەی لەهەندەران یارمەتی و هاوکارییەکی باشی دارایی بۆ خانەوادەو خێزانەکانیان دەنێرنەوەو، ساڵانەش ئابووری مالیزیاش لەو بڕە یارمەتییە سوود مەند دەبێت. بۆیە دان بەو راستییە دەنێت و دەڵێت کاتێك توانام نییە کارێکی باش و گونجاو بۆ گەنجێك بدۆزمەوە بۆچی لەوڵاتانی بیانی بەدوای ئەو هەلە نەگەڕێم ..

## بێکاری لەناو دەرچووانی زانکۆکان زیاد دەکات و ئاستی زانکۆکانیش دادەبەزێت و کار بیرۆز نابێت

لەهەرێم و وڵاتێکدا کاتێك کەرتی تایبەت لەسەروو یاساوە بێت تەنیا بەمۆرك و سیمایەکی مەزاجی و مەحسوبییەتەوە بەڕێوەبچێت، ئەوکات فاکتەرەکانی گەشەپێدان و چاکسازی لەبنیاتی کۆمەڵگەدا دوور لەدەسەڵاتی یاساو رێکخستنی ئیداری و دادپەروەرییەوە روو لە رووخان و دارمان دەکات، لەم بەناو دامەزراوانەو کۆمپانیا بچوکانەی کەرتی تایبەت شوێنێك نییە بۆ وەرگرتن و رێزگرتنی تواناکانی دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان، ئالێرەدا زانکۆکانیش دووچاری ئیفلیجبوون دێن، چونکە زانکۆ



کارگەیەکە بۆ بەرهەمهێنان و پەروەردەکردنی دەرچووان و پێگەیاندنی شارەزایان و پسپۆران، کاتێکیش لەوڵاتێکدا بەرنامە بۆ بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و دڵنیابوون و زەمانەتی کارکردن نەبێت هیچ واتاو مانایەك بۆ کار نامێنێت و کار پیرۆز نابێت و گەنجەکانیش هان نادرێن بۆ خوێندن و خۆ پڕمەعریفەکردن.

تۆ وەرە باسەیرێکی بارودۆخی وەبەرهێنان بکەین، زۆربەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەبواری کەرتی بازرگانی و پرۆژەی بچووکی نیشتەجێبوون لەکاتێکدا بەئاشکرا پرۆژەکانی بواری

نابێت سەرمایەدارو بیزنسمانێکی کەرتی تایبەت لەیاسا گەورەتر بێت و بەئارەزووی خۆی کۆنترۆڵی بازاڕو ئابووری و دەرچووانی زانکۆ بکات

هیکڵ دەڵێت: لەو یاسایە بێ بەهاتر نییە کە کەرامەتی مرۆڤ پێشێل دەکات، لەکەرتی تایبەتیش دەرچووانی زانکۆ خاوەنی کەمترین ئیمتیازن

کشـــتوکاڵ و پیشەســـازی بوونیان لاوازە، لەلایەکی ترەوە کۆمپانیا گەورەکانی جیهان و پرۆژە ستراتیژی و گەورەکان لەم هەرێمەدا وجودێکـــی لاوەکی و لاوازیان هەیە، رەنگە هەمـــوو هۆکارەکە بۆ خراپـــی بەڕێوەبردن و بەرپرســـانی وەبەرهێنـــان نەگەڕێتـــەوە، بەتایبـــەت مەترســـییەکانی وەبەرهێنەری بیانی لەبیســـتنی هەواڵەکانی نائارامی و تیرۆر لەباکووری عێراق کەمەبەســـت لێی موســـڵ و کەرکووك و تکریتـــەو لەگەڵ هەرێمی کوردســـتان تێکەڵبـــووە، یاخوود یەکلانەبوونەوەی کێشەبەردەوامەکانی نێوان هەرێم و بەغـــدا یاخود ئـــەو راپۆرتانەی باس لەگەندەڵی و نەبوونی شـــەفافییەت دەکات لەعێراق بەگشتی، بەڵام لەناوخۆی هەرێمەکەشدا قۆرخکاری و بێ سەروبەری و کەموکورتـــی یاســـاو رێنماییەکان هەیە، بۆیە لەمەودایەکی درێژخایەندا کاریگەری سلبیشـــی لەســـەر پەرەپێدان و بوژانەوەی هـــەردوو کەرتی بازرگانی و پیشەســـازی زیاتر دەبێت، شوێنەوارەکانیشـــی لەســـەر بێکاری گەنجان و دامەزراندنی دەرچووانی زانکۆکان کاریگەرو خراپ دەبێت .

ئەمەی لەم هەرێمە بەناوی کەرتی تایبەتەوە یاخود بەناوی دامەزراوەبوونی ئابووری روودەدات زیانی گەورە بە ئایندەی گەشەکردن دەگەیەنێت

## لەهەرێمێکدا ٩٩٠٠ کۆمپانیا هەبێت چۆن خاوەن بڕوانامەکانی بەکالۆریۆس و دیبلۆم بێ ئیشن؟

راســـتە زۆربەی کۆمپانیاکانی کوردســـتان ئەوەنـــدە بچووکـــن دەتوانیت ناویـــان بنێین (کۆمپانیاکانی خێـــزان) بەڵام لەهەمانکاتدا کۆمپانیا هەیە بەهاوشـــێوەی سوپەرمارکێتی ماجیدی مۆل کە زیاتر لە١٥٠٠ هەلی کاری بەگەڕخستووەو دوای تەواوبوونی پرۆژەکەش ژمارەی ئەو کەسانەی سوودمەند دەبن لەهەلی کار لـــەم ســـوپەرمارکێتە دەگاتە ١٠ هەزار کەس، کەچی تاکو ئێستا ژمارەی بێکارانی دەرچووانی زانکۆ روو لەزیادبوون دەکات، باشە لەبەرامبەردا چەند کارگەمان دامەزراندووە و خاوەنی چەند کێڵگەی پیشەسازی پەلەوەرو ئاژەڵدارییین!، تاکو ئەمڕۆ ئابووری کوردستان نەگەیشتۆتە ئابووری بازاڕو لەچوارچێوەی داخراوی ئابووری شەخسی و بێسەررووبەری دێت و دەچێت، زۆر لەرێنمایی و یاســـاکان خزمەت بەتوێژی سەرمایەدار دەکات، کاتی ئـــەوە هاتـــووە چاکســـازی و گۆڕانکاری بکرێت، لە ئەوروپای پێشـــکەوتوو بۆ ئەوەی خەڵکی بێکار نەبن دابونەریت و گۆڕانکاری تێدا کرا، ماکـــس فیبەر هەرزوو پیرۆزی بۆ کار گەڕاندەوە ئەویش لەڕێگای (کار عەیب نی یەو کاریش پێویســـتی بەپاڵپشتیکردن و هاندانەو داهێنانیش دەرئەنجامی راستەقینەی کارەکانە..)لـــەم وڵاتانە هـــەر زوو جیهازی بیرۆکراسی دەوڵەت داخڵ بەدامەزراوەکان کرا. بۆیە کەرتی ئەهلیشیان بەهاوشێوەی کەرتی حکومی چۆتە قۆناغـــی دامەزراویبوونەوە، پێویســـتە بیـــر بکەینەوە لەبەگەڕخســـتنی کەرتی تایبەتی راســـتەقینە، ئـــەم راپۆرتە دژی ئەوەنی یـــە کرێکاری بیانی لەپڕۆژەو ســـۆپەرمارکێت و کۆمپانیـــاو بازاڕەکانـــی کوردســـتان کار نەکـــەن، بـــەڵام لەکاتێکدا زیاتر لەنیوەی هێـــزی کاری ئافرەتان بێکار بن و، بێـــکاری رووپۆشـــراویش دامودەزگا حکومییەکانی پڕ کردبێت و ســـاڵانە سەدان گەنجی دەرچووی زانکـــۆو پەیمانگاکانی کوردســـتان لەچاوەڕێی رەخســـاندنی هەلی کاردا بن، بۆچی وەبەرهێنەرو سەرمایەداری کوردستانی سەرقاڵی هێنانی کرێکاری بیانی بن! وەکو ئابوورینـاســـێك تـــێ ناکەم بۆچی کرێکاری بیانی ئیشـــکەرن و هی خۆمان نا ؟ ئەمە پاساوی سەرمایەدارێکە توخوا کوڕە ســـەرمایەدارێك دەچێت لەکۆمپانیایەك کار بکات هیچ زەمان و ئیمتیازێکی بەهاوشێوەی کەرتی حکومی نەبێت؟

## دۆزینەوەی بازاڕێک بۆ کڕینی بەرهەمەکانی زانکۆ

باشە کاتێك بەرهەمێك لەبازاڕدا رەواجی نەبێت و نەفرۆشرێت هەوڵی ئەوە نادرێت بۆ دەرەوەی بنێردرێت، کاتێکیش حکومەتی کوردســـتان نیـــوەی فەرمانبەرانی بێ زیـــاد بێت ئیتر بۆچی بەدەیان کرێکاری تورکی و ئەسیوبی و بنکلادیشی دەهێنرێت،حکومەت لەبودجەی ٢٠١٠ دەڵێت(( خەرجی بەگەڕخستن زۆرە. دامەزراندن بەلێشاو نابێت و تەنها بەگوێرەی پێویســـتییەکانی حکومـــەت فەرمانبـــەران دادەمەزرێن..)) باشـــە بـــۆ خەرجییەکانی بەگەرخســـتن کەم ناکرێتەوەو هاوسەنگییەك لەنێوان بودجەکانی وەبەرهێنان و بەگەڕخستن ناکرێـــت ؟ گەنجێـــك کـــە دانامەزرێت با لەوڵاتێکی تر کار بـــکات، تاوەکو ژمارەی بێـــکاران لـــەوە زیاتـــر نەبێت،لەکۆمەڵـــگا پێشـــکەوتووەکان رێژەی بێـــکاری بۆینتێك زیاد دەکات خێرا دەیـــان لیژنەی پەیوەندیدار دادەمەزرێـــت و لـــەرووی براکتیکییـــەوە هەنـــگاوی جیددی بـــۆ دەنێـــن، مرۆڤ گرنگترین بنەمای بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی ئابوورییە، بەگەڕخســـتنی دەســـتی کاری خۆماڵیی یەکێکە لەئامانجە سەرەکییەکانی دەرچوونی یاســـای ژمارە ٤ ی وەبەرهێنانی ساڵی ٢٠٠٦ی کوردستانInvestment Law لەماددەی حەوت ئاماژە بەوەکراوە:( وەبەرهێنەر دەتوانێت دەســـتی کاری خۆماڵی و بیانی بەکاربهێنێت لەپڕۆژەکەیدا، پێویستە ئەولەوییەتیـــش بەدەســـتی کاری خۆماڵی بدرێـــت..). لەهەرێمی کوردســـتان گلەیی بێکاری هەیەو رێژەکـــەی نزیکەی ١٨٪یە، گەرچی دوایین ئامـــاری دەزگای ناوەندی ئامـــارو تەکنەلۆژیـــای زانیاری ســـەر بە وەزارەتی پلاندانانـــی عێراقی ئەم رێژەیەی بـــۆ کەمتر داناوەو، پێی وایە رێژەی بێکاری لەهەرێمی کوردستان بەتێکڕایی لە( ٦ ٪ ) ە، بەڵام رێژەی بێکاری داپۆشـــراو زۆر لەم رێژەیە زیاترە، هـــاوکات نزیکەی نیوملیۆن کوردیـــش روویـــان لەهەندەران کـــردووەو لە تاراوگە ژیان بەسەر دەبەن، زۆربەیان لەپێناو بەدەســـتهێنانی هەلی کار ژیانی غەریبیان هەڵبـــژاردووەو مەزەندەی لە ٧٥٪ی ئافرەتان بێکاریش دەکرێت، ئەمـــە لەکاتێکدا بەدەیان کرێکاری بەنگلادیشی و ئاسیایی و ئەفریقی و بگرە تورکی و میسریش روویان لەم هەرێمە کردووە.

کەرامەتی خریجێکی زانکۆ کێ دەیپارێزێت لەکاتێکدا سەرمایەدارو بیزنسمانی ئەم وڵاتە لەسەروو یاساوەن و لەحکومەتیش پێیان دەڵێن دامەزراندن راگیراوە

## ئینتەرنێتەکەی کوردستان کاری تێدا نییە

لەئەورو‌پـــا دەرچووانی زانکـــۆو خەڵکانی تریش لەڕێگای ئینتەرنێتەوە بەدوای هەلی کار دەگەڕێـــن، لەلای خۆمان بەواســـیتەو مەحســـوبییەت کار و دامەزرانـــدن دەســـت دەکەوێت، ئینتەرنێتەکەی کوردســـتان کاری تێدا نی یـــە! وەرن فێرمان بکەن بزانین چۆن لەڕێگای ئینتەرنێتەوە کار دەست دەکەوێت. ئومێدەوارم ئەم راپۆرتە نەبێتە هەڵچوونی زاتی لایەنە پەیوەنـــدارەکان بەقەد ئەوەی ئەوانیش کەمێك بیـــر بکەنەوەو بەدوای چارەســـەردا بگەڕێن، کەئەوە ئەرکـــی خۆیانە نەك تەنیا وەڵامدانەوەیەکـــی خۆدزینـــەوە لەواقیـــع و راســـتییەکان، لەبەرژەوەنـــدی حکومەت و هاوڵاتی و پارت و بزووتنەوە سیاسییەکاندایە خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتییان دابین بکرێت و ئۆپۆزســـیۆنیش هەر سەرقاڵی دروشم نەبێت بەڵکو ئەویش بەپێی توانای خۆی چێگا بۆ دەرچووانی زانکۆکانی کوردســـتان بکاتەوەو لەبری سەتەلایتێك باکارگەیەك دروست بکات کە زۆرجار پرۆژەیەکی بچووکی کارگەیەك کە دەیان کرێـــکارو دەرچـــوو لەخۆدەگرێت پارەی یەك سەفەری هەندەران و دامەزرانی کەناڵێکی راگەیاندن نییە.